کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:40 3-12-2007

**هاوارنامە ... ئازاد ئەحمەد**

خوێندنگا ناوەندێکە پیرۆزی خۆی هەیە، بەڵام بەداخەوە لەکۆمەڵگای ئێمە بەهۆی دەسڵاتی حیزبییەوە جێگاو شوێن و ناوەندە گشتییەکان حیزبێنراون. حیزب و رێکخراوە پاشکۆکانی دەسڵات تەواوی ناوەندەکانی خوێندنیان بۆبەرژەوەندی تەسکی حیزبی خۆیان قۆخکردووە، ئەم دەستێوەردانی راستەوخۆی حیزبە لەکاروباری پەروەردەوفێرکردن. گەورەترین پێشێلکاری بەمافەکانی خوێندکاران ئەوەیە کەهەوڵ بدەن بۆلەباربردنی خوێندکاران و خەریك کردنیان بەهەندی کاری لابەلای حیزبی کەهیچ پەیوەندییەکی بەماف و بەرژەوەندییەکانی خودی خوێندکاران خۆیانەوەنییە.

لەیاساکانی سیستمی پەروەردە بەفەرمی ئەوە قەدەغەکراوە کەناوەندەکانی خوێندن بۆمەبەست و مەرامی سیاسی بەکاربهێنرێن، لەبەرئەوەی ئەم شێوازە تەقلیدە بەسەرچوونی رژێمی بەعسە. ناکرێت و نابێ لەلایەن حیزبە دەسڵاتدارەکانی کوردستاندا دووبارە بسەپێنرێن بەسەر خوێندکاراندا. بەحیزبیکردنی ناوەندەکانی خوێندن هەڕەشەیەکی گەورەو خەتەرناکە لەپرۆسەی خوێندن لەکوردستان و بۆخۆی فاکتەرێکە بۆلەژێر پێنانی ماف و حورمەتی قوتابیان و خوێندکاران بەڵگەیەکی زۆرم لەبەردەستدایە کەڕێکخراوو کۆمەڵە خوێندکارییەکان بەئاشکراوبەنهێنی کۆڕو کۆبوونەوە حیزب و رێکخراوەییەکانیان و فشار دروستکردن بۆئەوەی خوێندکاران ناچار بکەن پەیوەست بن بەرێکخراوەکانیانەوە.

من لەوپەڕی هەست بەبەرپرسیارێتیم لەبەرامبەر ئەم دیاردە قێزەونە لەناوەندەکانی خوێند هەڵوێست دەنوێنم و دەنگی نارەزایی خۆم هەڵدەبڕم و بانگەوازی خوێندکاران و ئازادی خوازان و مافدۆستان و دڵسۆزانی کۆمەڵگا دەکەم چیدی بەوە قایلبن جێگاو شوێنێك کەئێمە دەمانەوێت تیایدا فێری پەروەردەو زانست ببین بکرێتە بارەگای حیزبی و پلانی حیزبییان لەدژی ماف و بەرژەوەندییە گشتییەکانی خوێندکاران دابڕێژرێت، من بەڵگەی زۆرم لەبەردەستدایە کە لەم ماوەیەی دواییدا لەچەندین خوێندگا رێکخراوەکانی سەر بەحیزبی دەسڵات بەئاشکراو بەزەقی جم و جوڵ چالاکی حیزبییانە ئەنجام دەدەن و تەنها ئەم مافە بۆخۆیان بەڕەوا دەبینن بەڵام کەمێك لەولاوە هەر گروپ و دەستەیەکی خوێندکاری ئەگەر چالاکییە بۆبەرژەوەندی خوێندکاران ئەنجام بدەن بەتوندی رووبەڕووی هەڕەشەو فشاری یاسایی دەکرێنەوەو بەهەمووجۆرێك هەولی سەرکوتکردنیان دەدەن، من بەتەواوی خوێندکاران لەهەمووقۆناغ و ناوەندەکانی خوێندن رادەگەیەنم کەئێمە بەرپرسیارێتییەکی مێژووییمان لە سەر شانە کەدەبێت نەهێڵین خوێندنگاکان بۆمەرامی سیاسی بەکاربهێنرێن لەم پێناوەشدا دەکرێت هێزو تواناو ئیرادەمان یەکگرتوو بکەین بەوپەڕی سەرسەختییانە داکۆکی لەبەرژەوەندییەکانی خوێندکاران بکەین.

ئازاد ئەحمەد (خوێندکار) 2007\11\26

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.